# بیابـــان... ئاشتیترین مەملەکەت !!

**حەمەشوان شەریف**
Hamashwan1@hotmail.com
**زستانی** 2005

بگەڕێرەوە
تـــــا نەبومەتە سێبەرێک
لە ڕستەکانی لۆرکاو
بەملی قسەیەکی شکسپیرەوە
نەنوساوم بە سەردەمێکی دابڕانەوە
وەرەوە و بمبینە !
* زولێخا شای کچەجوانەکانی * ئاوێسەر
من تا کەمەر نوقمی گەڵام
سرومە بـــــا دەیکوژێ و هەناسەم تۆ
تاکو دەمرم
سنوری باڵات دمم پروێنێ و
پەیکەری بەختەوەریم بەلقێکی ئاسمانەوە
یاخی دەبێ ولەبەر گڕی بارانێکا
هەنسک ئەداو لەبەر سەرمادا دەسوتێ
چیای چاوم تێکەڵاوی نیگا لارەکانی کاتژمێری
دەستی مێژوە و
سەرم لەبیابانێکی پڕ سەوزایی ڕادەمێنێ و
دڵم دەڵێ مەمبورە
ئەی هەناسەیەکی سەربڕاوی
ژێردرەختێکی خۆماڵی
لەناو لمی وەرزەکانی
سەوزایی ئێوەدا دەمەوێ هەڵبێم و بتۆرێم تا
ڕوبکەمە بیابانێکی بێشەڕ .
لەبیاباندا وەرز هەریەک وەرزە !.
کەچی تابێ لق و باڵای سنەوبەرو ئەرخەوانی
لەحەوشە بچکۆلەکەی خەونی مندا گەورەدەبێ و
دار پرتەقاڵەکانیشی بەفر سەری سپی کردوون
دەنا .. بۆ عەیامێکیتر پیری پێیان ناڵێ سڵاو .
دونیا .... من !

لەسەوزاییەکەی ئێوە هەراسانم
دارتوەکانتان زڕەو قەزمەو
ئەوین قەزمە و زبر
شاخ هەرقەزمەو
تێکرژانتان قیزەوەنە
ئاوێنەکانتان قەزم ڕوخسارتان نیشاندەدا و
کەچی بەپێکەنینەوە و فیکەلێدان
لەگەڵ قژ داهێنانێکا ئەویش وەک و مافێ
پێشێلدەکەن .
دەلێم
کانیەکانتان پڕن
لەڕشانەوەی ئەوسەرخۆشە گوناهانەی
بە کوڵ و شەپۆلەوە
دەگرین
بەسەر قەزەمیتاندا ،
باڵای ڕوبارەکانتان
هەر ق ە ز ە م .
بەڵام ......
( قەزمەکانی دەستی قەدەر و زماک
ئێوەم خۆشەوێ و وەک ڕوناکی
پێویستن بۆم ) .

دەمەوێ لەبیاباندا ببمە خۆڵ و
تێکەڵ بەو بـــا* ساردەی شەوانیبم
من و بـــا* هەرخۆمان ڕەقدەبینەوە
حەمامولکێی منالێکی( کرمان )*
وەکو خوا * نـــاڕوخێنین .
بلێ بـــای بیابان کێی کوشتوە ’؟!
دەڕۆم
بەڕێکەوتیش نایەمەوە ناوتان
لەم وەرزە سەوزە نیگەرانم
چۆن بتوانم ئەم هاوکێشەیە تەریبکەم
کە خەرمانێک لەبەر ئاگردا بسوتێ و

شۆڕشگێڕێکی لاسایی کەرەوەی* لۆرکا
دەمم لێبقوچێنی و ماڵێ فریوبات و
دەست وباڵی بوکەشوشەی مناڵەکان
ئەنفال کاتەوە
بەجێت دەهێڵم یادگاریەکان
هەرگیز شتێ ناخوێنمەوە
بۆنی نامەیەکی تۆبات
ئەو ڕێگایە لەبیرمدا دەسڕمەوە
کە لەیەکەم ژواندا ملمان بەخشی بە تولەڕێگەکانی ئەوین
گەر دەتەوێ لەم زێرابستانەدا بمێنیتەوە
ئازاد بە ئـــازاد
من دەمەوێ لەبیاباندا بمرم
ئاشتی ترین مەملەکەتستانە بیابان !
نەجەنگ لێی ڕوودەداو
نەسیاسەتمەدارێ
بەتورێ ئەیگۆڕێتەوە و
نە بەقودس دەمەزەردی دەکەنەوە و نە بەدڵ
نە بازرگانێ سەری ئاڵۆزی شل ئەکاو
نە کورەی فوکەرەکەی دەخاتەگەڕ
بۆدەرهێنانی جۆری کانزا* ،.
گەر ئارەزو ناکەی بێی لەگەڵم
من دەڕۆم
بۆم مەگەڕێ ڕەنگە لەوێش ئارام نەبم
بۆ مەملەکەتێکی تر بکەومەڕێ !!.
مەملەکەتێک ئاشتی لێبێت
ئاشتی ..!!!....

- ئاوێسەر : کانیەکە دەکەوێتە سەروبناوچەی تەوێڵەوە لەهەورامان
- لۆرکا : شاعیرو شۆڕشگێڕی فەرەنسا * گیانی بەختکرد بۆ نەتەوەکەی
- کرمان شارێکی ئێرانە ساڵی دوو+ سێ جار بەر بومەلەرزەدەکەوێ و خەڵکی ناوچەکە دەربەدەردەبن ...

*ئەو مرۆڤە پیرۆزانەی لە زگماکەوە قەزەمن ! دڵیان شتێ نەکات بەقەد چاوەکانی هۆنراوەیەکم خۆشم دەوێن .